# ئاكار لە نێوان خۆویستی و ئەویتر ویستیدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- بابەتی ئاکار هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە وەک توێژینەوەیەکی ڕێکوپێک خەسڵەتی دوو ڕەنگیی پێوە دیار بووە، ئایا:

**سەرچاوەی بنەمای ئاکار چییە و کامەیە:**

**یەک:** دەرەکییە/ سروشت، کۆمەڵگە، جیهانی دەوروبەر، یان:

**دوو:** ناوەکییە/ ژیر، خودی مرۆڤ خۆی، ناخی دەروون و هەست و سۆز و ویژدان. لەو دوو ڕەنگییەوە ئەو پرسیارە سەر ئاو کەوتووە:

ئایا چاکەکاری (بە بەدکارییەوە) ملکەچ بوونە، یان یاخی بوونی خواستە لە بەرانبەر بنەماکانی ویژدان و ئاکاردا؟

- بۆ نەکردنەوەی دەروازە لەبەردەم سایکۆلۆجیدا لە چوارچێوەی چالاکی بابەتی ئاکاردا پێ لەسەر ئەوەدا دەگیرێ کە بابەتی ئاکار هەنگاوێک لە لۆجیکەوە نزیکە، بەوەی کە پشت ئەستوور بەپێوەر و بنەما: بابەتەکە، کردارەکە پێویستە چۆن بێ بۆ ئەوەی بڕیار (حوکمی) لە بارەوە بدرێت. بەپێچەوانەوە سایکۆلۆجی پتر لە ڕێبازی پۆزیتیڤیزمەوە نزیکە، لەوەدا بابەتەکە خۆی و لە خۆیدا چۆنە، بەبێ پشت بەستن بە پێوەری هەڵسەنگاندن، دەست بەکاری خۆی دەکات.

- گومان لەوەدا نییە کە فەلسەفەی ئاکار لەم سەردەمەدا، لقێکی ڕێکوپێک و سەربەخۆیە و پێوەندی دەستیاوی- بەخۆشی بێ، یان بە ترشی- لەگەڵ

چەند لقێکی تری کولتووری شارستانیەتدا هەیە وەک سایکۆلۆجی، ئایین، سیاسەت، سۆسیۆلۆجی، ئیستێتیک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارە بەیەکجارەکی یەکلایی نەکراوەتەوە:

ئایا بۆ هەڵسەنگاندن و تاووتووکردنی بابەتەکانی ئاکار پشت بە چی ببەسترێ؟ شارەزایی (بەرانبەر وشەی عەرەبی - خیبرە)، یان ڕوو لەو تیۆرییە هەمەجۆرانە بکرێ کە لەلایەن خامەی بەبڕشت و بەپێزی هزرمەندانەوە ڕەنگیان ڕێژراوە؟ ئیتر هەردوو چەمکی چاکەکاری و بەدکاری تەنیا هەردوو چەمکن، یان بابەتی شارەزایی ئاکارین لە فەلسەفەدا بەگشتی و لە فەلسەفەی ئاکاردا بەتایبەتی، بابەتی کێشە لەسەر و ئاڵۆز دەکرێ بە کەرەستەی تاووتووکردن و توێژینەوە. لەبەرئەوەی چاکەکاریی لە ناوەڕۆک و ڕوخسار و ئامانجدا کێشەی لەسەر نییە، پتر ڕوو لە بەدکاریی دەکرێ کە لە خۆیدا کێشە بەرجەستە دەکات.

- چاکەکاری و بەدکاری بوونی سەربەخۆیان نییە و لە شتی دەوروبەردا نین. توندوتۆڵ بەکاروکردار و ئامانج و بەمەبەستی مرۆڤەوە بەندن. چاکەکاری و بەدکاری ئەنجامن لە کرداری مرۆڤەوە دەکەونەوە. خواستی مرۆڤ لەو کایەیەدا پشکی شێری بەردەکەوێ. خواست چۆن و بەچ شێوازێک ئەو شتانە بەکار دەهێنێ و چ بڕیارێک دەدات، خەسڵەتی ئەنجامەکە بەچاکەکاریی - بەدکاری دیار و دەستنیشان دەکات. بەدکاری لە بەهەڵە و ناڕەوا و چەواشە بەکارهێنانی خواست بەولاوە نییە (١). ئەو جۆرە بەکارهێنانە لە خۆیدا بوونی ئازادی دەکات بە پێشمەرج. ئەو ئازادییەی لە کاری چاکەکاری و بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکارەوە سەرچاوە دەگرێ و پەیدا دەبێ.

٢- هەر لەو دوو ڕەنگییەوە، هەردوو بنەمای خۆویستی بەرانبەر بە وشەی (ئیگۆیزم) و بنەمای ئەوی تر ویستی، بەرانبەر بە وشەی (ئەلترووییزم) دەردەکەون. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە وەک سوود و قازانجی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێ بەرژەوەندییان لێ بکات، ئەرکی تریشی لەسەر شانە بەرانبەر بەوانی دیکە کە لەگەڵیدا دەژین.

ئایا دەکرێ ئەم دوو ئەرکە — ئاراستەیە — بەبێ کێشە بەیەکەوە بێنەوە؟ سوود و قازانجی تایبەتی و گشتی پێکەوە دەگونجێن، یان نا؟ ئەو قسەیەی کوردەواری چۆن لێک دەدرێتەوە: تا ماڵ پێویستی پێی بێ، لە مزگەوت حەرامە، کەچی مرۆڤی مەسیحی دەڵێ خۆنەویست بە، تەماشاکە یەسووعی مەسیح (عیسای مریەم) لە پێناوی ئەوی تر ویستیدا ژیانی خۆی بەخت کردووە! ئەمەیە هەر دوو ئاراستەی خۆویستی و ئەوی تر ویستی کە لە ئیسلام و مەسیحیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بەرجەستە بوون! دوور نییە نەشیش بسووتێ و نە کەباب بگوترێ: کەسێک هەیە لە ژیان و جیهاندا بەدوای سوود و قازانجی خۆیدا نەگەڕێ و لەگشت شتێک ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆی نەکات؟

- کە قسەکردن لە خۆویستی و ئەوی دی ویستی دێتە پێشەوە، ئەو پرسیارە بەبیردا دێت: ئایا بەهای چاکەکاری — بەدکاری، ڕاستی و چەوتی لە کردار و بڕیاردان خۆیدایە، یان ڕازونیازەکە، بابەتەکە یەکلایی دەکاتەوە؟ کامیان لەو بڕیاردان و هەڵسەنگاندنەدا پشکی شێری بەردەکەوێ: ویژدان، یان ژیر؟ ئایا بەبێ بڕیاری ژیر، دەکرێ ئەو جۆرە بەهایانە دیار و دەستنیشان بکرێن؟ هەندێک جار دەگوترێ، ڕاستە دەکرێ گومان لە بڕیاری ویژدان بکرێ، بەڵام ئەو جۆرە بەهایانە لە هەندێک دۆخ و ڕەوشدا لە کردارەکاندا بایەخی خۆیان هەیە و ژیر پەیان پێ دەبات و پەردەیان لەسەر لادەدات. مرۆڤیش لە خۆیدا وەک بوونەوەرێکی ژیر کە لە ژیانیدا بڕیاردانەکەی کردووە بەسەر

پشـک، ئـەو تواناییـەی هەیـە چـاک و بـەد لـە یەکتـری جیـا بکاتـەوە و بزانـێ، بگـرە بڕیـار بـدات چـی ژیانـی خـۆش دەکات و چـی دەبێتـە مایـەی کلۆڵـی و زەبوونـی و ژیانـی ناخـۆش دەکات! هـەر لـەو کایەیـەدا ئـەوە بـە بیـردا دێـت کـە ڕاسـتییەکە هیـچ دەرفەتـی دوودڵـی و ئەگـەر و گومـان نـادات: ئەگـەر ئاییـن توانیبـای زۆربـەی کێشـەکانی مـرۆڤ چارەسـەر بـکات، ئەوکاتـە کـەس بیـری لـە بابـەت و ڕێنماییەکانـی ئـاکار نەدەکـردەوە، نـە شۆڕشـی سیاسـی – ئابـووری، ئایدیۆلۆجـی و نەزانسـت پێویسـتیان نەدەکـرد داهێنرابـان! بەپێچەوانـەوە، شارسـتانیەت و کولتـوور و ئـازادی و یەکسانی و داد و شۆڕشـی زانسـت و تەکنۆلوجیـا، چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ژیانـی مـرۆڤ (بەخەسـتەخانەوە) مرۆڤـی ژێـر لـە دەرەوەی سـنوور و قەڵەمـڕەوی ئاییـن دایهێنـاون بـۆ ئـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدرێنـەوە کـە ئاییـن دەسـەڵاتی بەسـەردا نەشـکاون و ئـەو کێشـانە بەپێـی توانایـی لـە ئارادابـوو یەکلایـی بکرێنـەوە کـە نـەک ئاییـن هـەر توخنیـان نەکەوتـووە، بەڵکـوو تـۆزی ڕێگەشـی نەشـکاندوون.

ئـەوی هەیـە و نییـە لـە بچووکتریـن شـتەوە تـا ئـەو هـەوڵ و کۆششـە سـەرکەوتووانەی جیهـان و ژیانیـان گۆڕیـوە و سـەرتاپای گەردوونیـان کـردووە بـە گوندێکـی بچکۆلـە، گشـتی داهێنانـی مـرۆڤ خۆیەتـی و منەتبـاری هیـچ لایـەن و بوونەوەرێـک نییـە. ئاکاریـش هـەر مـرۆڤ ڕەنگـی ڕشـتووە و بەپێـی هەلومەرجـی لـە ئارادابـوو، قۆنـاغ و گیانـی سـەردەم خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی خـۆی پێـوە دیـار بـووە.

بـە ئایدیۆلۆجیکردنـی بابەتی ئاکار لە دەسـتکورتی سیاسـەت بـەولاوە شـتێکی دیکـە نییـە. هـەر ئـەو بۆچوونـە خـۆی پێوەنـدی تەمومـژاوی و ئاڵـۆزی نێـوان ئاییـن و ئـاکار دەگرێتـەوە.

٣ – جیاکردنـەوەی ئەنجامـی کاروکردارێـک و پۆلێنکردنـی، ئایا ئـەو کارە سروشـتی خۆویسـتی، یـان ئـەوی دی ویسـتی هەیـە سـووک و ئاسـان نییـە! چونکـە لـەو چالاکییـەی هەڵاوردنـدا، جگـە لـە نیـازی بکـەر لـە کارەکـەی هانـدەر و ئەنجـام بـە هەنـد وەردەگیرێـن!

ئەوجـا سـنووری هـەردوو ئاراسـتەکە تاڕادەیەکـی بەرچـاو تێکـەڵ و ئاوێتـەی یەکتـری بـوون. دوور نییـە مـرۆڤ کردارێک بەمەبەسـتی سـوود و قازانجی ئەوانـی دیکـەی کردبـێ، بـەڵام لـە دوا دەرکەوتەیـدا لایەنـی خۆویسـتی تێـدا بـەدی دەکـرێ! بـۆ نموونـە گشـت ئـەو کار و کردارانـەی لـە بۆنـە ئایینییەکانـدا دەکرێـن لـەو جـۆرەن:

– مرۆڤێـک بڕیـاری داوە قوربانـی بـکات، ئاژەڵێـک (مـەڕ، بـزن)، یـان ڕەشـەوڵاخێک (گا، مانـگا، گامێـش) سـەردەبڕێ و گۆشـتەکەی بەسـەر ماڵـە هەژارەکانـدا دابـەش دەکات. ئایا ئـەم کارە دەچێتـە چ خانەیەکـەوە؟ خۆویسـتی، یـان ئـەوی تـر ویسـتی، یـان لـە خواترسـی؟

وەڵامەکە بەپێـی بۆچوونـی بڕیاردەر دەبـێ چـۆن لـەو سـێ چەمکـە تـێ دەگات و لێکیـان دەداتـەوە!

ڕاستە ئـەو پیـاوە وا دەردەکـەوێ کـە چاکـە (خێـر) خـوازە، بۆیـە ئـەو کارەی کردووە! بەڵام مەبەسـتی چی بـووە؟ خەڵکـی هـەژار ڕازی بـکات، یـان چاکەکاریـی بـۆ بنووسـرێ و پـەروەردگار لێـی ڕازی بـێ!؟

ڕازی کردنـی پـەروەردگار لـە خۆیدا خۆویسـتییە و مەبەسـتی دیکـەی لـە پشـتەوە نییـە!

ئەگـەر لـە ڕوانگـەی ئـاکاری مۆدێرنەوە سـەرنجی لـە ڕەب ترسـان بدرێـت، بـە هیـچ جۆرێـک ئـەو ترسـە ناچێتـە خانـەی ئاییـن و بـڕوا هێنـان و هیـچ خەسـڵەتێکی ئاکاریـی تێـدا نییـە! چونکـە مەسـەلەکە ترسـە، نـەک شـتێکی دیکـە.

برواهێنـان بەهێـزی پـەروەردگار و مـردن و ژیـان و

بەهەشت و دۆزەخ نابێ لە ترسەوە بێ، بەڵکوو دەبێ پشت بە بنەمای ڕەزامەندی و قەناعەت ببەستێ! بەدڵ مرۆڤ بڕوای بەبوونی ئەو هێزە سەرووسروشتییە هەبێ کە داهێنەرە (خالیقە) نەک سزادەر! ئەگەر ئەو پیاوە لە ڕەب نەترسابایە، ئەو هەزارانە بەشە گۆشتەکەیان بەرنەدەکەوت! کەواتە جارێکی دیکە ئەمە لەخۆیدا خۆویستییە، نە باوەڕ و بڕوایە و نە ئەوی دیکە ویستییە!

- مرۆڤی سەردەم ژیرە، چاوکراوەیە بە ڕەزامەندی خۆی دەچێتە ژێرباری ئەو کردارانەی کردوونی و ئۆباڵیان دەکێشێ! بەڵام چۆن ئەو بڕیارە دەدرێ و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

ئەمە چۆن لەگەڵ قسە جەنجاڵ ئامێزەکەی سیاسەتمەدار و فەیلەسووفی ئینگلیز تۆماس هۆبزدا دێتەوە کە گوتوویەتی:

مرۆڤ لە خۆیدا خۆپەرستە، نیازی بەدکاریی هەیە، گورگە و لە پێستی مەڕدایە. یان کاتێک دەچین سەرەخۆشی لە کەسوکاری کۆچ کردوویەک دەکەین، ئەمە ئەوی دی ویست نییە، بەڵکوو ئێمە خۆمان چاک دەزانین ڕۆژێکیش ئەم ڕەوشە بەسەر ئێمەدا دێت و ئێمەش ماڵئاوایی لە ژیان دەکەین، ئەمە لە خۆویستی بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

٤- ئەو قسەیەی تۆماس هۆبز جۆرە گشتاندنێکی (پەوشالیرۆنگ)ی تێدایە کە بە بنەمای لۆجیک و ژێر پشت ڕاست ناکرێتەوە! ڕاستە مرۆڤ لەو جۆرە هەیە، بەڵام گشت کەسێک بەو جۆرە بیر ناکاتەوە و ناجووڵێتەوە. ئەگەر سوود و قازانجی تایبەتی لە ئارادا نەبێ، نەپاڵنەر و هاندەر، نەجیاوازیی لە ئارادا نامێنن و ئەو کاتە جۆرە ژیانێک وێنا دەکرێ کە هەر لە ئەندێشە و ناخی دەروونی شایەر و ڕۆماننووساندا بوونی هەیە.

تۆماس هۆبز بەو بڕیارەی ڕۆڵی مرۆڤ پەروەریی چاکساز و سیاسەتمەدار و دادوەر و ئەندازیار و جووتیار و پزیشکی بەڕاست و چەپ بەسەر داهێنانێک کاڵ کردووەتەوە! ڕاستە پزیشک پارە وەردەگرێ، بەڵام مرۆڤێک لە ئێش و ئازار و نەخۆشی کوشندە ڕزگار دەکات، کاری ئەو پزیشکە خۆی ڕاستە سەرچاوەی بژێوی ژیانیەتی و ئەو پسپۆرییەشی خستوویەتییە ژێر باری ئەو ئەرکە مرۆڤ دۆستییەوە کە بووەتە مایەی پەیداکردنی پێداویستییەکانی بەسەربردنی ژیان و گوزەران! بەڵام چۆن کاری کەسانی خۆبەخش لێک دەدرێتەوە کە یارمەتی کەسانی لێقەوماو و کەم دەرامەت و لە کێشە گلاوەوە دەدەن؟ دوور نییە بوترێ لەو ڕەوشەدا تای تەرازووەکە دیسان بەلای خۆویستیدا لاسەنگ دەبێ، چونکە ئەو یارمەتیدەرە خۆبەخشە بەپێی بڕیار و خواست و ئارەزووی خۆی چووەتە ژێر باری ئەو ئەرکەوە و ئەو کارەی کردووە! ئەو کەسە تەنیا ئەو شتەی کردووە کە خۆی ویستوویەتی بیکات، ئیتر مەبەست و ئەنجامەکانی بەهەر لایەکدا شرۆڤە بکرێن و لێک بدرێنەوە، لە خانەی خۆویستی و سوود و قازانجی تایبەتی ناچنە دەرەوە.

- نموونەیەک کە جاران لە زێی بچووکدا لەنێوان قەڵادزێ و چیای ئاسۆس ڕووی دەدا. مرۆڤێک لەکاتی مەلەکردندا هاواری لێ هەڵدەستا و خەریک بوو بخنکێ، زەلامێک لەو دەوروبەرە بەفریاری دەکەوت و لە خنکان ڕزگاری دەکرد. جارێکیان خۆم ئەو دیمەنەم بەچاوی خۆم بینی، لە فریادڕەسەکەم پرسی، ئەو مرۆڤەت بۆ لە خنکان ڕزگار کرد، نەدەترسای خۆشت بخنکێی؟ لەوەڵامدا وتی: کە بخنکابامایە هەر کێشە نەبوو، چونکە من کارێکم کرد خۆشی پێ بەخشیم و ویژدانم ئاسوودە بوو. ئەگەر ئەمەم نەکردبایە، شەو نەک هەر خەوم لێ نەدەکەوت، بەڵکوو بە درێژایی ژیانم ئاسوودە نەدەبووم و ویژدانم ئازاری

دەدام، ئێستاش هەست بە سەربەرزیی و چێژ و خۆشی دەکەم. ئەم هەڵوێستە چی لێ شین دەبێتەوە؟ بەلای منەوە لە خۆویستی بەولاوە هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێ! کابرا بەئاشکرا دەڵێ ئەم کارە سەرکەوتووانەم خۆشحاڵی کردووم و هەست بە چێژ و خۆشی دەکەم ئەگەر ئەمە خۆپەرستی نەبێ چی دیکەیە؟ دوور نییە لێرەدا ئەوبۆچوونە ڕەخنە بکرێ و بوترێ: دنیات کرد بە چەرمی چۆلەکە! ئەمە چۆن وا دەبێ، باشە بۆ تۆ دیوەکەی تری نابینی و هەستی پێ ناکەی؟ لەوەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا دەگوترێ: ڕاستە پزیشکەکە نەخۆشەکەی چارەسەر کردووە، بەڵام پارەی لێ ستاندووە. ئەوی تر کە چێڵەکەی سەربڕیوە و بەلای کەمەوە (٣٠ - ٤٠ ماڵ و پتریش) گۆشتیان خواردووە، بەڵام ئەو قوربانییە بۆ ئەو نەبووە خەڵک گۆشت بخوات و برسی تێر بێت، بەڵکوو بۆ ئەوەبووە خێری بنووسرێ و خوا لە خێرکارەکە خۆش بێ! ئەمە کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ!

خۆویستی و ئەوی دی ویستی دوو ڕووی یەک دراون و پێوەندی دەستیاوی لە نێوانیاندا هەیە و هیچیان بەبێ ئەوی دیکە نابن و تەواوکەری یەکدین. مرۆڤ ئەگەر بەڕاستیی و ژیرانە لەگشت شتێکدا ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆی لێ بکات، سوود و قازانجی ئەوی دیکە — من — بەهەند دادەنێ و بایەخی پێ دەدات! هەر کامێکیان بخرێتە پێش ئەوی ترەوە تای تەرازووی هاوکێشەکە لاسەنگ دەکات و خەسڵەتی پەسندبوونی ئاکارییانە کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەو پرسیارە گەرموگوڕیی خۆی هەر لەدەست نەداوە: بۆچی دەبێ سوود و قازانجی نا من (ئەوانی دیکە) بەلای منەوە گرینگ و جێگەی بایەخ پێدان بێت؟ وەڵامێکی ساکار: چونکە ئەوانیش مرۆڤن ئەرک و مافی دیاری کراویان هەیە، ئەوجا ئەوانیش وەک ئێمە پێداویستی و داواکاری و حەز و ئارەزوویان هەیە و لەوانەی ئێمە دەچن، ئیتر ئەو بنەمایەی من دەگرێتەوە، پەلکێش دەکرێ بۆ ئەوانی دیکە کە نا منن.

٥- لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو ئاڕاستەی خۆویستی و ئەوی دی ویستیدا ئەوە لەبەرچاو دەگیرێ کە مرۆڤ یەکجار دەژی و سەوزەگیای بەهار نییە جارێکی تر لە جیهاندا شین بێتەوە. ژیانیش ئامراز نییە لەپێناوی سوود و قازانجی ئەوی دیکەدا بەکارببرێ، بۆیە سەرلەنوێ پرسیارە کلاسیکییەکە سەر هەڵدەداتەوە: ئایا ئامانج و ئامرازی بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار چین و کامانەن؟ پشت ئەستوور بەفەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی ئاکار بەتایبەتی کە لقێکی سەرەکی ئەو بابەتەیە، ئاکار بەهیچ جۆرێک ناشێ و ناکرێ ئامرازێک بێ بۆ ڕازی کردنی ڕەببی داهێنەر، یان ملکەچ بوون بۆ چەند ڕینمایی و بنەمایەکی وشکی بێگیان کە لە دەرەوەی کێشە و بابەتەکەدا بڕیار (حوکم دەدات، بەڵکوو دەبێ ئامرازێکی یاریدەدەری کارابێ بۆ جێگیرکردنی ئەو کاروکردەوە و جۆری بیرکردنەوەیەی ڕێگەی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری مرۆڤی ئەندامی کۆمەڵگە دەدات (٢).

- ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە خۆویستییەوە هەیە، کرداری ئاکارییانە جگە لە هۆکاری دەرەکی کە هەستی پێ دەکرێ، قسە لە پاڵنەر و هاندەریش دەکرێ کە دەبنە مایەی کەوتنەوەی کاروکردارەکە (٣)، ئەوجا مەزەندەی ئەوە دەکرێ کە خۆویست بەڕادەیەک گومان و ئەگەر و دوودڵی لەبەرانبەر بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار دەورووژێنێ، ئەمەش دەکرێ بەوە پاسا و بدرێتەوە، کە:

**یەک:** مرۆڤ دەخوازێ ئەوە بکات کە دڵی

دەیخـوازێ و وای دادەنـێ دروسـتە و دەبـوو بیکردبایـە. دووریـش نییـە ئـەو پەنـدە لـەلای پەسـەند بـێ: کـردەی پەشـیمان چاکتـرە لـە نەکـردەی پەشـیمان!. ئـەم پەنـدە سروشـت و گەوهـەری بـێ ئومێدی کـوردی دامـاو بەدرێژایـی مێـژوو بەرجەسـتە کـردووە و هـەر دەشـیکات.

**دوو:** مـەرج نییـە بڕیـارە ئاکارییـەکان ڕاسـت بـن و هەمیشـە ڕاسـتەقینە بپێکـن، چونکـە دەکـرێ ڕێتێچووبـن و بەپێـی هەلومەرجـی لـە ئارادابـوو، ڕەوشـی بڕیـاردەر بگۆڕێـن. دیسـانەوە مـەرج نییـە ئـەو بڕیارانەی هەڵسـەنگاندنی ئەنجامـی کردارەکان لـە خۆیانـدا سروشـتێکی مۆڕاڵییـان هەبـێ. ئـەو بۆچوونـە خـۆی لـە بنەماکانـی لۆجیکـی سـەردەم نزیـک کردووەتـەوە کـە دەسـتەواژە بەدەربـڕی ڕاسـتی دادەنێـن و ئـەو دەسـتەواژانە دەبـێ واتـا و دەلالەتیـان هەبـێ، ئەوجـا بـێ قەیدومـەرج دوو بەهابـن: ڕاسـت، یـان چـەوت!

**سـێ:** چێـژ و لـەززەت و خۆشـی دەکـرێ بـە ڕێگەخۆشـکەری دوا ئامانجـی ژیـان دابنـرێ کـە بەختەوەرییـە!

مرۆڤـی خۆویسـت بەختەوەریـی تایبەتـی خـۆی دەکات بـە شامەبەسـت، کـە هیـچ مەبەسـت و ئامانجێکـی تـری بـەدوادا نەیـەت. لـەو بۆچوونەیـدا پشـت بـەو بـاوەڕە دەبەسـتی کـە گوایـە:

سـوود و قازانـج و بەرژەوەنـدی لـێ کـردن، خـۆی لەخۆیـدا لەگـەڵ چێـژ پـێ گەیشـتن چاکـە و خـوازراون، زیـان و وەی و ئێـش و ئـازار بـەدە و نەخـوازراوە، ئیتـر بەبـێ ئەگـەر و گومـان ئـەو بۆچوونـە لـەلای پەسـندە، چونکـە دوا ئامانجـی خـۆی لـەو چێـژ و خۆشییەدا بـەدی دەکات. کورد گوتەنـی: دەبـێ چـی لـە ژیانـی بـێ وەی، لـە ژیانی بـێ ئێـش و ئـازار و نەهامەتـی خۆشـتر بێـت؟

ئـەو ئاراسـتەیەی ئـاکار، بەهـەر بارێکـدا لێـک بدرێتـەوە و لەهـەر ڕوانگەیەکـەوە ڕەخنـە بکـرێ، ڕەهەندێکـی گرنـگ و لەبـاری هەیـە و بەهیـچ جۆرێـک کاڵ نابێتـەوە:

هەژمـوون و دەسـەڵات و کاریگەریـی ئاییـن و سیاسـەت بـەدوور دەگـرێ و جـۆرە ئازادییـەک بـە بڕیـار و هەڵبژاردنەکـە دەدات. ئاییـن پشـت بـە پـەروەردەی تایبەتـی و جیهـاد (جەنـگ و تێکۆشـانی پیـرۆز) دەبەسـتێ و هەردووکیـان لـە سـنووری ئایینەکـە بـەولاوە هیـچ هەنگاوێکـی دیکـە هەڵناگـرن. سیاسـەتمەدار ئەرکـی دیـار و دەستنیشـانکراوی لـە ئەسـتۆدایە. پەنابردنـی بـۆ بنەماکانـی ئـاکار تەنیـا بـۆ ئەوەیـە بڕیـار و نەخشـەکانی کـە داونـی و ڕەنگـی ڕشـتوون، جۆرە ڕەواییەکیـان پـێ بسـپێرێ، ئەمـەش کردنی ئاکارە بـە ئامـرازی پاسـاودان و ئەرکـە سـەرەکی و سروشـتە تایبەتییەکـەی لـێ زەوت دەکـرێ!

- دوور نییـە ئـەو بۆچوونـە ڕووبـەڕووی ئـەو گازندەیـە ببێتـەوە کـە ئەمـە تەنیـا بەسـەر وڵاتانی دیموکراتـی ئەوروپـا (ڕۆژئـاوا)دا دەگونجـێ. ڕۆژهەڵاتێـک بەدرێژایـی بوونـی ژیـان دیموکراتـی و ئـازادی و داد و یەکسـانی و مافـی مرۆڤـی بەخۆیـەوە نەدیـوە، چـۆن پەنـا بـۆ بـەر بنەماکانـی ئـاکار نەبـات بـۆ ئـەوەی بێـدادی و سـتەمەکە ڕەوا بـکات. لـە ڕۆژهەڵاتێکـدا- هیـگڵ گوتەنـی: هـەر کەسـێک کۆششـی جێگیرکردنـی داد و ئـازادی و یەکسـانی بـدات بەنـاوی داد و یەکسـانی و ئازادییـەوە، لەچوارمێخـە دەکێشـرێ! هاتنـی هەرسـێک ئایینـە ئیراهیمییەکـە تەنیـا هـەر لـە ڕۆژهـەڵات ئـەو قسـەیە دووپـات دەکەنـەوە. ئەگـەر وەک ئەوروپـا، لێـرەش ئـازادی و داد هەبووایـە، ئایینـەکان بەوجـۆرە نەدەبـوون. ئایینـەکان بـەو نـاوەوە هاتـوون ئـەو بێدادییـە لەناوبـەرن، بـەڵام تـا چەنـد ڕێگەیـان پـێ دراوە ئـەو ئەرکـە جێبەجـێ بکـەن؟ پەنابردنیـان بـۆ

بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار، وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە. خۆ ئەگەر بەچاوێکی وردبینانە سەرنجی زانستی کەلام و شەریعەت و فیقهو بنەماکانی (ئسوڵی) ئایین بدرێ، ئەوەندەی پێوەندی بە ڕۆڵی بابەتی ئاکارەوە هەیە، دوو ئاراستەی لە یەکتری لەسەنگەردا سەرنج ڕادەکێشن:

**یەک:** ئاراستەیەکی پێشکەوتنخواز (موعتەزیلە، شیعە، مورجیئە ئەوجا ئیمامی حەنەفی کە دانەری مەزهەبێکی ناسراوە) کۆشاوە باوەڕ و بڕوا لە چوارچێوە و ڕەهەندە پیرۆزەکەی دەربهێنێ و بیکات بە کەرەستەیەک بشێ ببێ بە بابەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەوجا ئەو ڕاستییە تاووتوو کراوە کە ئایین لە خۆیدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. ئەو ئەنجامەش کە لەو هەڵوێستە کەوتووەتەوە ئەوەیە: هیچ دیاردەیەک لە بوون و جیهاندا لەو ڕەوش و هەلومەرج و ژینگە و دەوروبەرە دانابڕێ کە تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە تا دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێ بڕاوە.

**دوو:** ئاراستەیەکی سەلەفی کۆنەپارێز (موحافەزەکار) کە ڕۆژهەڵاتی بەو مەرەیە بردووە کە بەدەستییەوە گیری خواردووە: خارجییەکان، ئەشعەری، هەروەها حەنبەلی و مالیکی، ئەوجا وەهابی، بنەماڵەی سعوودیە. ئەو ئاراستەیە هەموو خەمێکی ئەوە بووە سروشتی ترانسندێنتی، سەرووسروشتی، ئەبستراکتی بڕوا و باوەڕ بپارێزێ، لە چوارچێوە نامۆییەکەدا کە سنووری توانایی ژێر بەبەزێنێ و پێوەندی دەستیاوی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ لاواز بکات و بیکات بە بابەتێکی وەک تابۆ نەکرێ هیچ ژیرێک، خامەیەک توخنی بکەوێ و وەک خۆیان بەکوڵک و پێستەوە پەسەند بکرێن، تەنانەت لە زانستی کەلام و بنەماکانی فیقهو شەریعەدا شتی ئەوتۆیان باس کردووە گشت جۆرە پردێکی پێوەندی رووخاندووە. بۆ نموونە:

ئایا خەسڵەتەکان، خەسڵەتی خودن، یان هی کردارن. تیوری کەسبی ئەشعەری بەئاشکرا داکۆکی کردنە لە بەند و کۆیلایەتی مرۆڤ، ئەمەش بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بنەماکانی ئاکاری سەردەم و گیانی پێشکەوتنی کولتوور و شارستانیەتدا نایەتەوە.

- بنەماکانی ئاکار وەک لقێکی سەرەکیی فەلسەفە، شان بەشانی لۆجیک و تیۆری زانین و میتافیزیک بابەتێکی سەربەخۆیە میتۆدە و کەرەستەی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیەتی، بێگومان ئەو میتۆدە و کەرەستەیەش سروشتێکی دینامیکیان هەیە و لەگەڵ کولتووری سەردەمی خۆیاندا دێنەوە.

ئاکار بابەتێکە لە نەمامێک دەچێ پێویستی بە زەینە و کەشوهەوای تایبەتی خۆی هەیە، نە پاشکۆی ئایینە، نە هی سیاسەت، بەڵکوو لە کەشوهەوای ئازادی و داد و دیموکراتیدا گەشە دەکات و پێ دەگا و بەروبوومەکەی پێشکەش دەکات! کردنی بابەتی ئاکار بە پاشکۆی هەر شتێک، ئەو کارەکتەر و سروشت و خەسڵەتەی لە دەست دەدات و هیچی تر ئاکار نامێنێ.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- د. زكريا إبراهيم، المشكلة الاخلاقية. مكتبة مصر، ١٩٦٦، ص١٩١.

٢- جیمس ڕەیچڵ، بنەماکانی فەلسەفەی ئەخلاق، وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: هەرێم هادی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٠٣.

3- Alfred Cyril Ewing: Ethik, Enie Einfuhrung. Meiner verlag. 661. Hamburg 2014. S. 24. ff.